# "بەشی چوارەم"

## ( هەندێك ئەحكام تايبەت بە جل و بەرگ و حيجاب )

يەكەم :- مەرجەكانی جل و بەرگی شەرعی بۆ ئافرەتانی موسوڵمان .

١- پێویستە ئەو پۆشاكە فراون بێت بە شێوەیەك كە هەموو لاشەی دابپۆشێت لەو پیاوانەی كە نامەحرەمن وە هیچ شوێنێكی دیار نەبێت مەگەر ئەوەی عادەتی لەسەرە وەك دەم و چاو و هەردوو دەست و پشتی دەستی .

٢- پێویستە كە تەنك نەبێت كە پێستی یان پۆشاكی ژێرەوەی دیاربێت .

٣- نابێت كە تەسك بێت بە جۆرێك كە ئەندامەكانی لاشەی دەربكەوێت لە (صَحيحِ مُسلمْ)دا هاتووە ((صنفان من أهل انار لم أرهما))[1] واتە پێغەمبەر (ﷺ) (فەرموویەتی دوو كۆمەڵ هەیە لە ڕیزی ئەهلی دۆزەخن . نەمبینیون كۆمەڵێكیان قامچییان پێیە وەكو كلكی مانگا وایە كە ئەشكەنجەی خەڵكی پێدەدەن . وە ئافرەتانێك پۆشاكیان لەبەردایە بەڵام ڕووتن لەنجەولاردەكەن بەملاولادا قژیان وەكو كۆپارەی پشتی حوشتربەرزە دەكەنەوە ناچنە بەهەشتەوە وە بۆنیشی ناكەن كەهەر چەند بۆنەكەی لەدووری ئەوەندە و ئەوەندەوە بۆن دەكرێت) .

وە شيخ الإسلام ابن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوى)دا لە شەرحی (پۆشاكیان لەبەردایە بەڵام ڕووتن) دەفەرموێت كە جلێك لەبەردەكات كە دایناپۆشێت ئەو لەكاتێكدا پۆشتەیە بەڵام لەڕاستیدا ڕووتە . وەكو نموونەی ئەوەی كە پۆشاكێكی تەنك لەبەردەكات كە ڕەنگی پێستی دیاربێت ، یان جل و بەرگێكی تەسك كە هەموو ئەندامەكانی لاشەی ئاشكرا دەكات و زیاتر سەرنج ڕادەكێشێت وەك سنگی و ڕانی یان ئەندامەكانی تری . جا لەبەر ئەوە داپۆشینی ڕاستەقینەی ئافرەت لەوەدایە كە لاشەی دەرنەخات و ئەندامەكانی دیارنەبێت بەوەی كە ئەستورو فراوان بێت

٤- ئەوەیە كە پۆشاكەكەی نەشوبهێنێت بە پۆشاكی پیاوانە . ((لعن النبي (ﷺ) المتشبهات من النساء بالرجال))[2] . واتە پێغەمبەر (ﷺ) (نەفرەتی كردووە لەو ئافرەتانەی كە خۆیان دەشوبهێنن بە پیاوان وە لەو پیاوانەی كە خۆیان دەشوبهێنن بە ئافرەتان) وە خۆشوبهاندنیش لە پۆشاكدا هەیە وە بەهەر جۆرێك جل و بەرگێك لەبەر بكات كەلەناو كۆمەڵگادا تایبەتە بە پیاوان . وە دیارە نەفرینیش بۆ هەرچ تاوانێك هاتبێت ئەوە لە تاوانە گەورەكانە خوای گەورە هەموولایەكمان بپارێزێت .

٥- نابێت ئەو پۆشاكە جۆرێكی وابێت لە ڕەنگاو ڕەنگیدا سەرنجی سەیركەران ڕابكێشێت بۆلای خۆی لە كاتی دەرچوونی لە ماڵدا . نەوەكو بكەوێتە ڕیزی ئەوانەی كە جوانی خۆیان پیشان دەدەن و سنووری خوای گەورە دەبەزێنن :

### دووەم :- حيجاب : واتاكەی و بەڵگەكانی لە شەرعدا و سوودەكانی :-

حيجاب : واتاكەی ئەوەیە كە ئافرەت داپۆشراوبێت لەئاست ئەو پیاوانەی كە لەمەحرەمەكانی نین . وەكو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ولا يبدين زينتهن إلا ما ظهر منها وليضربن بخمرهن على جيوبهن ولا يبدين زينتهن إلا لبعولتهن أو آبائهن أو آباء بعولتهن أو أبنائهن أو أبناء بعولتهن أو إخوانهن .....﴾ (سورة النور:٣١) . وەهەروەها دەفەرموێت :

---

[1] مسلم (٢١٢٨) و (٥٢) وأحمد (٢/٣٥٦,٢٢٣) عن أبي هريرة .

[2] البخاري (٥٨٨٥) ، أبو داود (٤٠٩٧) ، الترمذي (٢٧٨٤) ، ابن ماجة (١٩٠٤) .

﴿..... وإذَا سألْتموهن متاعاً فَاسألُوهن مِن وراء حِجابٍ .....﴾ (سورةالاحزاب:٥٣) . واته گەر پرسیاری پێداویستەکی خۆتان لێکردن ئەوە بالەپشت حیجابەوە بێت . وە مەبەست لە حیجاب ئەوەیە کە بەربەستێك هەبێت لە نێوانتاندا ئیتر دیوارێك بێت یان دەرگایەك بێت یان پۆشاکێك بێت یان هەر شتێکیتر. وە لەفظي ئایەتەکە ئەگەر چی بانگهێشتی لەگەڵ خێزانەکانی پێغەمبەرە (ﷺ) بەڵام حوکمەکەی بۆ گشتێتیە . چونکە هۆکارەکانی گەڕانۆتەوە بۆ ئەوەی کە دەفەرموێت : ﴿..... ذَلِكُم أَطْهر لِقُلُوبِكُم وقُلُوبِهن .....﴾ (سورةالاحزاب:٥٣) واته : دەفەرموێت : ئەوە چاکترە بۆ دڵی خۆتان بۆ پاکێتی دڵی ئەوانیش واتە ئافرەتان) وەئەم هۆکارە هۆکارێکی گشتیە . وەئەم تێگەیشتنە بەڵگەیە لەسەر تێگەیشتنی حوکمەکەی وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يا أَيها النبِي قُل لأَزواجِك وبنَاتك ونساء الْمؤمنين يدنِين علَيهن مِن جلَابِيبِهن ......﴾ (سورة الأحزاب:٥٩) شیخ الإسلام ابن تيمية (ڕەحمەتی خوای لێبێت) لە (مجموع الفتاوى)دا بەرگی (٢٢) لاپەڕە (١١١–١١٢)دا دەفەرموێت : جلباب بریتی‌یە لە ئەوەی کە ئیبن مسعود و جگە لەویش پێی دەڵێن (الرداء) واتە : عەبا کە بریتیە لەو پارچە قوماشە گەورەیەی کە لەسەر سەری-یەوەیە هەموو لەش دادەپۆشێت ئەی خوشکی موسوڵمان ، بێگومان ئەو حیجابە ڕاستەقینەیە دەتپارێزێت لەو سەیرکردنە ژەهراویانەی کە لەو مرۆڤە دڵ نەخۆشانەوە دەروون پیسانەوە دێت بۆت ، وەدەبێتە ڕێگرێك بۆ ئارەزوو و حەز و نییەتی نییەت خراپەکان . لەبەر ئەو پابەندبەپێوەی و دەستی پێوە بگرە وە ئاوڕ مەدەرەوە بەلای ئەو بانگەشە بریقەدارانەی کە دژایەتی خۆداپۆشین دەکات یان لە قورسایەتی کەم دەکاتەوە وە دڵنیابە ئەوان خێریان بۆ تۆ ناوێت جگە لە شەڕ هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ويرِيد الَّذين يتَّبِعونَ الشَّهوات أَن تَمِيلُواْ ميلاً عظيماً ........﴾ (سورة النساء:٢٧) . واته ئەوانەی کە تەنها شوێن ئارەزووەکانیان دەکەون دەیانەوێت زۆر لاتان بدەن لەسەر ڕێگەی ڕاست .

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سایتی بەهەشت**

www.ba8.org